# به ڵێ بۆ کۆمه ڵگای ڕێز ، نا بۆ کۆمه ڵگای به زه یی

ئه رده ڵان عه بدوڵڵا
Ardellen1@web.de

پێش چه ند مانگێك به بۆنه ی جه ژنی هاتنه سه رکاریه وه ، مه لیکی مه غریب فه رمانی لێخۆشبوونی بۆ سێ هه زار زیندانی ده رکرد.له سعودیه ش مه لیك عه بدوڵلا، کاتێك هاته سه ر حوکم ،فه رمانی لیخۆشبوونی بۆ کۆمه ڵێك  زیندانی ده رکرد. به بۆنه ی هاتنی جه ژنی ره مه زانیشه وه ،حکومه تی ئێراق سه ده یا که سی له زیندان ئازاد کرد.ئه م فه رمانی لێخۆشبوون و ئازادکردنی زیندانییه ، ته نهاو ته نها له ده وڵه تی ئیسلامی ودیکتاتۆری دا ده بینرێت . کاتێك کۆمه ڵێك پارێزه ر داوایان له حکومه تی ئه ڵمانیا کرد،به بۆنه ی هاتنی ساڵی دووهه زاره وه ، کۆمه ڵێك زیندانی ئازادبکات . حکومه تی ئه ڵمانیا داواکه ی ره تکرده وه و ووتی : ( ئه م بریاره ی ئێوه سووکایه تی کردنه به حوکمی دادگاو دادپه روه ره کانمان ). لێ به حوکمی ئه وه ی زۆربه ی ئه و ووڵاتانه ی که ئه م نه ریتی لێبووردنه یان هه یه ، هیچ کامیان خاوه نی دادگایه کی سه ربه خۆ نین . حاکمه دیکتاتۆرو ملهووره کانیش باش ده زانن ، که زۆربه ی ئه و خه ڵکه به گۆتره گیراون.پێش ئه وه ی لێکۆلینه وه وپشکنین بکرێت،ئه و که سانه تاوانبار ده کرێن .

سه دام که خوێناوی ترین سه رۆك بوو ، له م فه رمانانه ی زۆر بوو،به ڕاستی واشی نه کردایه ، له وانه بوو ئێستا ته واوی ئێراق له زینداندا بوایه. پێش چه ند هه فته یه کیش نه یچیروان به رزانی له سه ر نه فه قه ی خۆی!، منداڵێکی نه خۆشی ره وانه ی توورکیا کرد تاله وێ چاکبکرێته وه. هه  ر کۆمه ڵگایه ك له سه ر مه فهوومی ( به زه یی) به رێوه بچێت ، کۆمه ڵگایه کی دواکه وتوو نا دیمۆکراسیه .ئێمه چه ندین ساڵه به پێی ئه م مه فهوومه حوکمان ده که ن . هیچ کات حکومه ت یان لایه نی ده سه ڵاتدار ئاماده نه بووه رێزی به رامبه ره که ی بگرێت . ئه مه وای کردووه که ،هاوڵاتی هیچ کات رێز له حکومه ت نه گێرت و هه ر کاتێك فرسه تێکی ده ستکه وێت تۆڵه ی خۆی لێ بکاته وه. هیچ کات حکومه ت هێنده ی تۆزێك ڕێزی له هاوڵاتیان نه گرتووه .هه موو کات ئۆپۆزیۆن به (خائین، ئاژه وه گێر ،پیاوی بێگانه) ناسراوه.

کاتێك مه کته بی سیاسی و مه لا مسته فا کێشه یان که وته نێوان . ئه ویش به هۆی تاکره وی مه لاوه دروست بوو. واته به هۆی رێزنه گرتن له وان .یه کسه رمه لا مسته فا ، ئه مانی ده رکردو بۆ یه که مین جار شه ری برا کوژی ده ستی پێکرد.

مه لا مسته فا به زۆر مه کته بی سیاسی ناچارکرد بچێته ناو کۆشی به عسه وه    تا به ( جاش) یان ناو به رێت. لێ کاتێك له گه ڵ سه دام رێکه وت ، یه که مین برگه ی رێکه وتنه که ئه وه بوو،که به عس یارمه تی مه کته بی سیاسی نه دات .

لێ پاشان مه لا مسته فا بریاری لێخۆشبوونی بۆ مه کته بی سیاسی ( جه لالی) ده رکرد . واته به زه یی پێهاتنه وه . جه لال تاله بانیش به هه مان مه فهوومی مه لا مسته فا هه ڵسووکه وتی له گه ڵ ئالای شۆڕش و مه لا به ختیار کرد . ئه وه بوو هه تا (تۆ به تنامه یان) به مه لا به ختیار نه نووسی ئازادیان نه کرد .

مه فهوومی به زه یی نیشانه ی کۆمه لگایه کی ئیفلیج و دواکه وتوانه یه . پێویسته هه موو حکومه تێك رێز له هه موو ئاره زوو پێداویستیه کانی مرۆڤ بگرێت پێویسته حکومه ت (رێزی هه موو بگێرت ، وه ناشبێت هیچ کات به زه یی هه بێت ) به هه مان شێوه ش پێویسته هاوڵاتی رێزی حکومه ته که ی بگرێت.مه فهوومی رێز گرنگه بۆ هه موو کۆمه ڵگایه ك گه ربیه وێت

پێشبکه وێت . کاتێك که بووسێك له کاتی خۆیدا ده گاته وێزگه که ی ،ئه مه نیشانه ی رێزگرتنه له هاولاتی . گه ر دوابکه وێت مانای بێ رێزیه . کاتێك که یه کێك تێرمینێکی له لای دەزگایه کی ده وڵه تیه وه ده بێت و له کاتی خۆیدا کاره که ی بۆ ده که ن ، ئه مه مانای رێزگرتنه له و که سه .گه ر وانه بێت ئه وا بێ رێزیه .

لێ جێگای داخه ئێمه هێشتا نه گه یشتووینه ئه و راده یه . مه فهوومی به زه یی هاتنه وه مه فهوومێکی ئاینیه.هه موو کات مه لاو قه شه کان به زه یی هاتنه وه به هه ژار و ده ستکوورت ، به کارێکی پیرۆزی ئایینیان داناوه . له به ر ئه وه ی زۆربه ی حاکمه کانیش خۆیان به جێگری خواوه ند داده نێن ، سیاسه تی به زه یی ده گرنه به ر .هیچ کات مه لاوقه شه کان داوایان له مه لیکه کان نه کردووه که رێزی هاولاتیان بگرن ، به ڵکه داوای به زه یی هاتنه وه یان لێکردوون . ئه م مه فهوومی به زه ییه مایه وه، هه تا له فه ره نسا پێخه مبه رێك په یدابوو. ئه م پێخه مبه ره (جان جاك ڕۆسۆ) ، فێری شتێکی تری کردین . پێی ووتین : ( مرۆڤ شایسته ی ڕێزه نه ك به زه یی ) هه ر ئه م مه فهوومه بوو که وای له گه لی فه ره نسا کرد ، شۆڕشێکی گه وره له دژی مه لیك بکه ن. هه ر چه نده پاش ئه م شۆڕشه ش ،مه فهوومی ڕێزگرتن نه بوو به سیاسه تی ده وڵه ت ، لێ رێگای بۆ نه وه کانی تر خۆش کرد که کار بۆ ئه م مه فهوومه بکه ن . پاش شه ڕی دووه م له زۆربه ی وولاتانی ئه وروپا، هه وڵیان بۆ پراگتیزه کردنی ئه و مه فهوومه( ڕێزگرتن) دا . نه وه شۆڕشگێره کانی 68یش ، توانیان مه فهوومی رێز،به سه ر حکومه ت و کۆمه ڵگای ئه وروپیدا بسه پێنن. پاش شۆڕشه خوێندکاریه کانی سالانی 1968،کرێکاران له لایه ن خاوه ن کاره کانه وه رێزیان لێگیراو کۆمه ڵێك ده ستکه وتی ژیانیان به ده ستهێنا .ژنان له زوڵمی پیاو رزگاریان بوو ، بوون به خاوه نی که سایه تی تایبه تی خۆیان . گه نجان توانیان ئازادانه سێکس و خۆشه ویستی بکه ن .ڕه ش پێسته کان وه کو مرۆڤ ڕێزیان لێبگیرێت.هاولاتیه که م درامه ته کان له سه ر بودجه ی ده وڵه ت یارمه تی بدرێن . گه له پاشکه وتوو ودواکه وتووه کان ڕێزیان لێبگیرێت و داگیرنه کرێن . مندالان ڕێزیان لێبگیرێت و سزا نه درێن . رێز له هه موو ئاژه ڵێك بگیرێت .ژینگه پیس نه کرێت و رێزی لێبگیرێت. ئه مانه هه مووی له ئه نجامی خه باتی گه لانی ئه وروپاوه دروست بوو .به ڕاستی ئه وه ی خه ونی ڕۆسۆی مه زن بوو،ئه مان هێنایانه دی.

ئه ی باشه ئێمه که ی فێری ڕێزگرتنی مرۆڤ ده بین ؟! ! . ئه مڕۆ له زۆربه ی
ده وڵه ته ئیسلامییه کان،باس له ماڤی مرۆڤ ده کرێت.چه ندین رێکخراو گۆڤار و رۆژنامه ش بۆ ئه م مه به سته دانراوه . لێ هه تاوه کوو ئه مڕۆش،مرۆڤ له
سه ره تایی ترین ماڤی بێ به شه . له کوردستان باس باسی مه ده نیه ت و
ده ستووری دیمۆکراتی ده کرێت. زۆربه ی میدیاکان ئه م باسه یان کردۆته
ته وه رێکی سه ره کی . لێ هه تاوه کوو ئه مڕۆش مرۆڤی کورد له ساده ترین ماڤ بێبه شه . جگه له ده وڵه ت، کۆمه ڵگای کوردیش هێشتا له مه فهوومی ڕێزگرتنی مرۆڤ زۆر دووره . ئێمه زۆربه مان به دیکتاتۆری له دایك ده بین،به دیکتاتۆری
په روه رده ده کرێین،دیکتاتۆریانه ش بیر ده که ینه وه ،به دیکتاتۆریش حوکمی ده وروپشتمان ده ده ین ، هه ر به دیکتاتۆریانه ش ده مرین.

هیچ کات ئاماده یی ئه وه مان تێدانییه که ، ژنێك پانتۆڵێکی ته سك یان ته نووره یه کی کورت له به ر بکات ، یه کسه ر به چاوێکی سووکه وه سه یری ده که یین . گه ر منداڵێك له مه جلیسێکدا نیقاش له گه ڵ پیاوێکی گه وره بکات ، پێی ده ڵێین خوێری ، زۆر جار باوك و دایکیشی ده که ونه به ر رێژنه ی گووله مانه وه !!! گه ر کیژێك و لاوێك له ناو باخچه یه ك ماچی یه

کتری وخۆشه ویستی بکه ن ، ناتوانین خۆمان بگرین ، یه کسه ر کۆمه ڵێك جنێوی حازر به ده ماندا دێت ، گه ر زۆر ئازاش بین په لاماریان ده ده ین .گه ر گه نجێك جلێکی سه یر یان پرچی به شێوه یه کی سه یر دابهێنێت ، یه کسه ربۆچوونێکی نێگه تیڤانه ، لامان دروست ده بێت خوای ده کرد ئه و که سه زانایه کی گه وره ش ده بوو، لای ئێمه رێزی نامێنێت . ئێمه هه تاوه کوو ئێستاش پێناسه یه کی ئاینیمان بۆ مرۆڤ هه یه . مرۆڤ لای ئێمه پێکهاتووه له کۆمه ڵێك خووره وشت و یاسای کۆمه ڵایه تی .هه ر کاتێك له و یاسایه لای دا ، رێزی نامێنێت . مرۆڤ هێشتا وه کوو کائینێکی بایلۆژی سه یر ناکرێت. سێکس و حه زو ئاره زووه کانی مرۆڤ، به پێی پێوه رێکی ئایینی و
ئه خلاقی سه یر ده کرێت ، نه ك به پێی پێوه رێکی زانستیانه .هه موو مان له ناخمانه وه ،حه زمان له سێکسه و،هه مووشمان به قسه قێزمان لێده بێته وه.
هه موومان باسی کۆمه ڵگای مه ده نیه ت ده که ین ،هه مووشمان به کردوه له دژی ده وه ستینه وه .
ئه ی باشه ئێستا چی بکه ین ؟!! . لینین پێی وابوو که ( هیچ بزاڤێکی شۆڕشگێری به بێ ئایدۆلۆژیایه کی شۆرشگێری نابێت ) . هه ر چه نده ئه م قسه یه ی لینین
ده چێته قاڵبی میتافیزیقیاوه . چونکه لای ماتریالیسته کان( مادده پێش هۆشیاری دێت ) ، که چی لینین هۆشیاری پێش مادده ده خات .ئه م قسه یه ی لینیم بۆ ئه وه هێنایه وه هه تابپرسم ، ئایا ئێمه پێویستیمان به ئایدۆلۆژیایه کی شۆرشگێریه یان بزاڤێکی شۆڕشگێر؟؟!! به ڕاستی ئه مرۆ ئێمه پێویستیمان به ئایدۆلۆژیاو قسه ی شۆرشگێری نییه . کام رۆژنامه یان گۆڤار ده گریت پڕیه تی له قسه ی زل و شۆرشگێری . به رای من ئه مرۆ ئێمه پێویستیمان به بزاڤێکی شۆرشگێری به هێزه ، که بتوانێت کۆمه ڵگای کوردی به ره و کۆمه ڵگایه کی ئازاد و مه ده نیه ت ببات .
به راستی ئێمه تا سه د سالی تر ، هه ر به قسه باسی مه ده نیه ت بکه ین ، هیچمان نابێت به هیچ .هه ر بۆیه پێویسته به هه موومانه وه کار بۆ بزاڤێکی
گه وره ی جه ماوه ری بکه ین ،هه وڵ بده ین له ڕێگای ئه و بزاڤه جه ماوه ریه وه کۆمه ڵگای ( رێز ) ، دروست بکه ین . مێژووش وامان پێ ده ڵێت که هیچ کات
( کۆمه ڵگاکان به قسه ی زل و شۆڕشگێری به ره و مه ده نیه ت نه چوون ،بگره ته نهاله رێگای بزاڤێکی گه وره ی جه ماوه ریه وه به ره وکۆمه ڵگای مه ده نیه ت چوون ).
گه ر ئێمه ش بمانه وێت سه ر که وتن به ده ستبهێنین ده بێت وا بکه ین . من هیوادارم هه موو مان هه وڵ بده ین که کار بۆ ئه و بزاڤه جه ماوه ریه بکه ین ، چونکه ته نها ئه وه ده توانێت کۆمه ڵگاو یاساکۆنه کان ،بۆ کۆ مه ڵگاو یاسای نوێ بگۆرێت.